## Mannaeans

ئەنسیکلوپێدیای بریتانیکا یەک لەو سەرچاوانەیە وا سەبارەت بە ماننایییەکان بابەتی نووسیوە و من لێرە لە درێژەی باسی ماناناکاندا (بڕوانە دوو بەشی پێشتری ئەم زنجیرە وتارە)، وەرگێڕاوی کوردی بابەتەکەتان پێشکەش دەکەم:

"خەڵکی دانیشتووی باکووری رۆژئاوای ئێرانن – کە خاکەکەیان پێی دەگوترێ "ماننای" (Mannai) یا "مانا" (Mana)، لە باشووری گۆڵی ورمێ و ئازەربایجان و کوردستانی ئێستا. لە سەردەمی خۆیاندا تا سەرەتای یەکەمین هەزارەی پێش زایین، ماناناکان لە سێ لاوە لە لایەن سێ هێزی گەورەوە دەور درابوون: ئاشور لە رۆژئاواوە، ئورارتو لە باکوورەوە و مادەکان لە باشوورەوە.

ناویان بۆ یەکەمجار لە ساڵنامەی شاهی ئاشور "شەلمانەسەر"ی سێهەم (٨٢٤-٨٥٩ پێش زایین) دا هاتوە لەو سەردەمەدا کە ئاشور بەرەو رۆژهەڵات پەرەی دەسەند. بۆ دوا جاریش لە ساڵنامەی ئورارتودا ناویان براوە لە لایەن روسا(Rusa)ی دووهەمەوە (٦٤٥- ٦٨٥ پ.ز) و هەروەها لەلایەن ئاشورییەکانەوە [بۆ دواجار] لەلایەن ئێسارهادون "ەوە (Esarhaddon) لە ٦٦٩-٦٨١ پ.ز.

... بەگشتی، ماننایییەکان دوای هێرشی "سەکا" و سەرهەڵدانی مادەکان لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا، ناسنامەی خۆیان لە دەست داو چوونە ژێر دەسەڵاتی مادەکانەوە. ناوی شوێن و کەسەکان لە زمانی ماننایییدا پێوەندیەکی بە زاراوەیەکەوە هەبوو لە زمانی حوری (Hurrian).

(روون کردنەوە : من ئەم تەرجەمەیەم لەبەر چاپێکی کۆنی بیتانیکا ئامادە کردوە. ئێستا کە سەردانی چاپی تازەی بریتانیکام کرد بۆ پێداچوونەوە و تەواوکردنی وتارەکە، بەداخەوە بابەتی لەمەڕ مانناییی تێدا نەبوو).